هایکۆ

# هەبین

سەربەست مەجید خۆشناو

ناوی کتێب: هەبین
بابەت: هایکۆ
دانەر: سەربەست مەجید خۆشناو
چاپ: یەکەم ٢٠١٨
چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان.
ژمارەی سپاردنی (٥١٧)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

پێشکەشە بە:

هەبینی نەوەم. قۆناغێکی نوێی ژیانم بەتۆوە دەستپێکرد.

بەتۆ، کە لەگەڵ هایکۆکانم ئاوێتە دەبی.

سوپاس بۆ:

کوڕ و باوکە جوانەکە، هونەرمەندی بە ئەزموون

سەرباز مەجید خۆشناو و

هونەرمەندی لاو ماکوان سەرباز خۆشناو

کە ئەرکی دیزاین و کێشانی مۆنتێڤەکانیان خستە

ئەستۆی خۆیان.

کاکڵە شیرنەکەی
چەقێلە مزرە بەتامەکەیە
هەبین

نوێبوونەوەیە
ڕۆحم کەرت و زیاد دەبێ
نەوە

گوێ لە با دەگرێ
چ هەواڵێکی پێیە
تەنیایی

نەیهێشت گەراز
تێر تەماشای بەرگی بوکێنیی خۆی بکا
تەزرە

دەنوكیان سوورە
دەمیان لە خوێتی یەكناوە
كەو


چەند جوانە
کە دەڕژێتە ئەودیوی چیا
زەردە

بەدەستخۆمبایە
تەنها بەشێکی ژیانم هەڵدەبژارد
خۆشی

ئومێد بەخشە
دەرگای گفتوگۆ دەکاتەوە
زەردەخەنە

هێشتا ئێشکگری دەکەن
لە زێدی باپیران
سێکوچکەی دوین

باکی نیە ، پێ بە پێ
ڕێگای دوور و درێژ دەبڕێ
کیسەڵ


Sarbar 2018

هەست بە ئاوێکی سازگار دەکەم
دەروونم فێنك دەکاتەوە
نەرم تەماشام دەکەی

تینووی نابێ
لە ئارەقەت دەخواتەوە
پەپوولەی گەردانەت

مەڵێ دەمرم
بڵێ دەگرم
جێگا لەوێ

ئەزانم ناسکی
لەسەرخۆ بۆنت دەکەم
گوڵەباخ

لەناو تاوانان دەسووتێ

ئەگەر پەپوولە باوەشێنی نەکەن

زەوی

چەند ناسکن
ڕەنگ و جوولەت لەناو ئاودا
سەمەندی

شەمشەمەکوێرە
کەوتنە جووڵە
خۆر ئاوادەبێ

وەك ئەوەی ئەو مەبە
وەرە با سێڵفییەك بگرین
حەبیبە

بۆخۆی جادەی دوو سایدە
بۆ ئەوانی تر شەقامی مەرگ
تەونی جاڵجاڵۆکە


Sarbaz 2018

لەسەر زەوی
مافورێکی سەوزی گورگوری چنی
بەهار

چەند تووڕەیە هەور
لێزاوی دەبارێنێ
شرێوە

ئازادم کە لە تەنیایی
بیکە بە تۆق لە گەردنم
باسکە پڕ بازنەکانت

چەند لە دڵی من دەچێ
سووك بەسەر جۆگەلەی دامێن کانیدا مەلە دەکا
چیلکە

چیم لێدەکەی وا دەسووتێم
بەقسەی تۆم کردووە
دڵ

مێژوو نییە
ڕۆحی منداڵە مردووەکانن
پەپوولە


بە گۆزەوە چەند جوانە
کچی دێ
هات

فاتیمەی منیش
چاومەستە
مەردان

گوڵەکانی لەسەر سەر هەڵگرتوون

خۆشی قەد و ڕەگە

دایك


Sarbaz
2018

کزه بای پاییز جوولا
ئێره جێده‌هێڵن
باڵنده کۆچه‌رییه‌کان

ڕەزا قورس
پێستی ڕوومەتی ئەوت برد
سایەقە

چەند خۆشە دەنگی چۆلەکە
کۆڕی شیعرە
لای گرتوی ناو ژێرزەمینێك

ئەو دۆڵە

زێدی منە

شەقرە و ئاوە

هەستێکی خۆشە
بینینت ئاسودەم دەکا
گوڵەباخ

دەڵێی شۆڕەژنە
کراسێکی کوردیی فشی لەبەردایە
ماسیە زێڕینە

کزەبایەکی سارد
گەڵایەک وەری
سەرەتای پایز

خستومەتە ناو ئاو
ملوانکەی مێخەک
بۆنی دایکم

دەنکی تەسبێحی کۆناکرێتەوە
هەریەک پەرپوەتە لایەک
خەیاڵ


Sarbaz.
2018

هەوایەکی سارد

تەزرە دەبارێنێ

ئاهی هەژار

کانیاوی ڕوون
کانگای ئەڵماس
هێمنی

قوڕگی گرتووم
خەریکە دەمخنکێنێ
بۆنی باڕووت

مەمکەکانی شۆڕکردوونەتەوە
تنۆك تنۆك شیریان لێ دەتکێ
ئەشکەوت


سوور سوورن
بە خوێنی زەوی
جۆگەلەکانی بەهار

چ بەردێکت بە سنگتەوە هڵواسیوە
وەك پەڕامووچ
دەمهێنێ و دەمبا

چەند بە شکۆوە ڕاوەستاوە
دەڕوانێتە دوور دوور
سەفین

لێوەکانی سوورن
سەری ماش و برنجە
شەقراوە

کە من مردم
بەحەسرەت زەردەخەنەیکم
دەمریت


Sarbaz
2018

گوناهترین گوڵە
کە دەوەرێ
عیشق

مۆژدەیەکی تری بەهارە
لە قەدپاڵی سەفین
ڕێواس

بە کراسی سوورەوە
چەند جوان پێدەکەنێ
کوریك بووك

خەم سوێرە
گیراوەی خەمە
فرمێسک

وتی: تۆ چیت دەوێ

وتم:

دووریین

ماچم بکە
لەلای ئازیزانەوە هاتوی
شنەبا

لە پشتەوە جوانی
لەپێشەوە جوانتر
گوڵ

فلان

تۆ، دینت هەڵبژارد و

من ، ئیمان

حەزم دەکرد
کە لەباوەشت دەگرم
بسووتێم


Sarbar
2018

سێوێکی گەییو
نەرم و شیرین
قەیرە کچ

لە نوێ بوونەوە
دەترسێ
کەون

ملوانکەی شۆڕی
گەردن بلوورە
گرانە

لەگەڵم دێن؟
بەسێ
مەرجان

باسی شیرینم دەکرد
وتی: چی
وتم: مەن

وتی بەڵگەم هەیە
وتم بەڵگەی ناوێ
شێتە عاشق

کوریکەی بادەمە
سوور و سپی و پەمەیی
بووك

زاوزێ هەڵپێچاون
ڕەو دەکەن بەرەو باکوور
قاز و قوڵینگ

چرنوك لە گیانم بچەقێنە
بمبە لە بەرزاییدا بمخۆ
هەڵۆ


2018

چاو گەش

پەمبە و بچووك

شیلان

قژی شانە کردوە
خۆی پێداپۆشیوە
شەنگەبی

دڵنیاییت
هەرچەندە ئاسمانم لێ ون دەکەی
بان

شکۆیان بشکێنە
باگوێڕایەڵت بن
سەگ


ئەمساڵ
لەپار جوانتری گوڵەباخ
دڵم خۆشە

با بێتە پێش
ئەو بەڕێزە
نۆرەی هاتووە

دڵی منە
ئەوەی دەستی
بەردە

هەندێك جار لە لوورەی گورگ دەچێت
هەندێك جار لە نووزەی ئاسك
با

لە ڕۆمانێك دەچێ
بەزۆر پێت بخوێندرێتەوە
ژیان


Sarbaz
2018

گوناهە
خۆی لەلا جوانترە لەو
هەوی

لەسەر لووتکە
شەڕی مان و نەمان دەکات لەگەڵ با
بەفر

هەور دەگریێ
ڕۆژ پێپێدەکەنێ
گورگەزێ

بەرازێکی
هەڵگەڕاوەی پیس و پۆخڵ
بیانو

نابن بە هەور
دوکەڵی پیسی
دوای فڕۆکەکان

سووڕانەوەیە
بەدەوری دۆزەخ
دودڵی


شیلەی دەمی پەریانە
بەسەر دار و کێودا باریوە
گەزۆ

سحربازێك

جادووی لە ژنان کردووە

زێڕ

مەملەکەتی من
شوێنی حەسانەوەی دەروون
مۆزەخانەی بەرد و گەوهەر


Sarbaz
2018

چەند خێرا خۆی ون دەکا
چاوشیلکانێم لەگەڵ دەکا
مانگ

ئاسمان تووڕەدەبێ
لە ناخی زەویدا هەڵدەتۆقێ
کوارگ

بەهەشتی سنەوبەران
دامێتی سۆرك
زاوێتە

تا دێ دڵت ڕەقتر دەبێ
چیمەن
تۆ

قەڵایەکی دێرین

مێژوویەکی پڕ شکۆ


هەولێر

چەند تەڕ تێکەڵیەکدەبن
لیکاو لە هەموو لەشیان دێتە خوارێ
هێلکە شەیتانۆکە

لەسەر کورسیەکەم دادەنیشم
پشتم سەفینە و بەرامبەرم سۆرک
ئارام دەباوەشکێم

شیرینیت
هەر تام نیە ، نەشئەیە
توی شەقڵاوەی

لێدە دە لێدە ئاوازی غەمبەر
با بلەرێتەوە لە ورگی عود
گریانی وەتەر


Sarbaz
2018

زوير بوون
وەك جاران لێرە نانیشنەوە
قاژوو

بێچوەکانت
هاونیشتمانیی منن
پەڕەسێلکە

دەیگوت دایکە

تۆ لە هەمووان جوانتری

بەچکە ژووشك

تەزوویەکی
بەتینی وایەرلێس گرتمی
ئەڤین

خۆشم دەوێی
ڕۆژانە کوڕێك بۆ گیانم دەکەی
گریان

سەحرایە
نەدارێکی لێیە نە ئاو
هەتیوی

تەنیا بە هاوسەر
ساکن دەبێ دڵی
تەنیا

چەند جوانە
بە چاوی سەوزەوە
ئەسمەر

ناتوانم لەگەڵتان بێم
باسی گۆلەکانی گەرمەسێرم بۆ بگێڕنەوە
قاز و قورینگ


Sarbaz.
2018

چەند پرچێژی کردووە
دەستلەملانەی ژێر دار هەنار
تاهیر تۆفیق

بەسەر باوە
خلیسکانێ دەکەن
گەڵا وەریوەکان

وەرە بۆ من بخوێنە
وێرانەیە دڵ
کوندەبەبۆ

باڵندەکان شەو لە هێلانەکان ون دەبن
نەغمەی ژیان دەچڕێ
شالوور

توند دایمەخەن
زندەق ڕێژم دەکا
ڕمبەی دەرگا

لیمۆ بۆنی لەتۆ وەرگرتووە
یان تۆ لەو
ترنجۆك

جیهانێکم بیردەخاتەوە
پڕ لە حەسرەت
خاچ

گەرمم کەرەوە
ڕۆحم سڕ بووە
ئەڤین

زوهرەیە

شیعر پەخش دەکا

نالی



نالی
Sarbaz . 2018

چەند پەمەیی و جوانن کوریکەت
چەند مزر و بەتامن چەقێلەت
باوی

چەند سپی دیارە
بەسەر قژی ڕەش
بەفر

پەڕەسێلکەیەک ڕەو دەکا
ئاگای لە گوڵی ناو مەرکانەکە نیە
خۆشەویستی یەک لایەنە

کوریکە دەپێتێن
هەڵاڵە وەردەگرن
کرێکارن هەنگ

کوت کوت کوت
نەشتەرگەری بۆ داران دەکەن
دارکونێرە

بە چریکەی سەت ئاوازت

قووڵ لە گەڵ ناخم دەدوێی

شالوور

سەمفۆنیای زۆنگاو
بەنۆرە نۆتەکان دەژەنن
بۆق

شیری مەمکی
شاخە دێوێکی قەفقاسیایە
بێخاڵ

لەو باغەدا
دوو جۆر دەنگ دەبیستم
چریکەی شالوور و زەرِپنی کەر


Sarbaz
2018

چەند خۆش دەخەون
چەند جوان یاری دەکەن
کەروێشک

خۆی ڕووت کردۆتەوە
چاوەڕێی بارانە بیشوا
دار گوێز

سەیرتان ناکەم
دەنوکبازیکەن
کۆترەکان

لە کونی دەرزیەوە تەماشای دەکەم
چەند گەورەیە
مێرووله


لێوەکانی ئامادەن
چاوەڕێی هەنگە دەو بخاتە دەوی
دەوەشێڕ

هەتا ماوم دەگریم
ئەگەر زیندووت دەکاتەوە
فرمێسک

چاوشیلکانێیە
بەو شەوەی ناتدۆزمەوە
بەیانی زوو خۆت ئاشکرا بکە ڕۆژ

ژەهرە
لەگەڵ شەکردا تێکەڵە
درۆ

ئێرەیی بە تەمەنت دەبەم
وەرە با بەیەکەوە گەورەبین
دار بەڕوو


Sarbaz
2018

خەوی نایە
بەردەوام دێت و دەچێ
با

لەکاتی وەرینی گەڵا
دەبێ چی بڵێ
پاییز

لەگەڵ کێ یاری دەکا
ئەوها جوان پێدەکەنێ
ساوا

بەفرە ، سەری سپیم
دوکەڵی بیرە نەوتە سوتاوەکانە
سبووغی قژم

چەند بێبەزەییانە
ئێرەت ڕووت کردەوە
وشکەساڵی

هەناسەی یەکەم

هەناسەی دووەم و کۆتا

تەمەن

هەناسەم گیر بووە

هێندە بەدواتا ڕامکرد و نەمگرتی

دنیا

قاچەکانم خستنە ڕوبار

قاچم نقوم بوون

یان ئاو بە قاچەکانمدا هەڵگەڕا

لەناو شڵپوهۆڕی دەریادا
گوێم لە دوا نوزەت بوو
ئالان


Sarbaz
2018

لە چەند بستێکدا
ئاسمانێکی بێپایان لەخۆدەگری
کانی

بۆ کەسی مەگێڕەوە
تۆ تاکە شاهێدی ژوانمانی
مانگ

لەخۆشیانە
فرمێسك دەبارێنێت
هەوری بەهار

کڵوە بەفرەکان یەک یەک دێتە خوار
لە حەوشەی مندا یەک دەگرنەوە
هەناسەکانت

وەرە بۆقەکە

ئەو مێشولەیە وازناهێنێ

بیخۆ

چۆلەکەکانیش بێزارن
ئاسمانی تەنگ کردوە
خۆڵباران

فلیمێکی
ترسناك و بێدەنگە
ئەندێشەم

ئافرەتێکی
بێکەسی کەڕ و کوێرە
بێئومێدی

لە نزیکەوە لێی بڕوانی
دەزانی چ دەریایەکە
چاو


2018

چەند بێ عەقڵە
چەند جار بەیەك داوەوە دەبێ
سوێسکە

هێشتا نەهاتبوومە دنیا
دەیزانی چەند جوانم
دایکم

لەسەر لا لوتی
ئەستێرە نیشتۆتەوە
خەزێم

لەم لایەم دەنیشێتەوە و دەفڕێتە ئەو لام
بێچوەکانیم لێ دەپارێزێ
سۆفیلکە

دڵگیرترین خاك

شیرینترین داك


شەقراوە

شانۆیەکە
چۆڵ لەدوای تۆ
دڵ

گردێکی بە سوور داپۆشراو
شوێنپێی پەریانی لەسەرە
خارخارۆکە

دەمی سوور و گەشە
ئامادەیە بۆ ماچ
گوڵهەنار

لە برسیەتیدا
چاوتێرە
قانع


Sarbaz - 2018

دوو یاقووتی شینن
لەبنی دەریایەکی قووڵ
پشیلەیەك لەناو تەندووردا خەوتوە

لەگەڵ بەهار پێدەکەنن
هەریەکە و ڕەنگێکی پۆشیوە
کوریك گاگلۆ

تەسبێحی مرواریی
شاژنی دەریایە   پساوە
تەزرە

پاییزان
بۆ گەڵا وەریوەکان دەگریێن
هەور


چەند ماندووی
بەردەوام سرەوتت نییە
خەمخۆر

لەگەڵ بەفرا خۆی گونجاندووە
کوریکەی سپی دەردەکا
گەراز

ڕازییە لێم
چاوێکی تروکاند
ئەسپ

هێندە گەرمن
یەکسەر دەبنە هەڵم
فرمێسکەکانم

دوای نەمان
مرۆڤ بە زیندوێتی دەهێڵێتەوە
پەیام


Sarbaz
2018

گەڵای سەوزە
سێبەری خۆشە
گەنجی

یەکێك دەنگ، یەکێك دەنگدانەوە
بەیەکەوە خوێن جۆش دەدەن
پیك و زورنا

ناو و تامی جیاوازە
لەگەڵ خەیاری شاران
ئارووی شەقراوێ

تا هێلکەیەک دەکا

خاوەنی شەرمەزار دەکا

مریشک


تەنها ڕووم پیشاندەدا
ئاگای لەناخم نییە
ئاوێنە

من و تۆ  دادەپۆشێ
ئەوەندە گرمۆڵەدەبین
کۆڵوانەکەت

چەند ڕەزیلە
زەردەخەنەیەکی لێم سووە
یار

لێت لالووتم
بۆچی دایکمت بردەوە
مردن

وەرە با پێکەوە بگرین
هەردوکمان دایکمان نەماوە
بێچوە تفتیلك


Sarbaz · 2018

لەگەڵ کزە بای پایزدا
چەند جوان ڕۆحدەدەن
گەڵا زەردەکان

بەسەر باوە دەفڕم
لەسەر زەوی هەڵیگرتووم
ژوان

بەللوری ئەڵماسە
لەناو قوڕی دوو ڕوویی
ڕاستگۆ

ڕۆحی سپی
دەڕژێتە سەر جەستەی کەوتوو
بەفر و خەزەڵ

چەند خۆش غوسل لەخۆی دەردەکا
سوانکە بزبزۆکەکە
بە ئاوی باران

بە بۆنی خۆی شەوانە
مەست و کاسم دەکا
شەوبۆ

دیاریی دەریایە
بۆ ژیان
باران

سیحراویی کردوون
چاوەڕەشەکانی
کل

پێشبڕکێیانە
کامە زووتر دەگەنە زەوی
گەڵارێزان



هەرد دەنگ نیە

سیحریشی لەگەڵدایە

خڕەی خرخاڵ

سەرمایانە
پەلەیانە بگەنە سەر زەوی
کڵوە بەفرەکان

پێویست بە گفتوگۆ ناکات
سەبوورەیەکی پڕ نووسینە
چاوت

شیرینی لە خاکدا نەهێشت
لە دەنکەکانیدا کۆیکردەوە
تووی شەقراوەی

شەکری تێکەڵ بە خوێن کردوە
بە دیاری دەیدا بەمن
ڕوومەتی

هێمنییە
سوچی ئارامیی ژیانە
ئامێز

چاوەڕێ مەبە
هەرگیز گەرای پەپولە دانانێ
کوللـە

بە بووکی
دێتە دنیاوە
پەپوولە سپییەکان

لە ئاسماندا
ماچ دەگۆڕنەوە
پەپوولە


2018

کە دەگاتە ناو ئاو
شەپۆلان دروست دەکا
گەیشتنی خۆی ڕادەگەیەنێ ، بەرد

تا نەگەین بەتۆ
ژیانی ڕاستەقینە نیە
سەربەستی

ئەو هەموو پەمەییەت لەکوێ هێناوە
لەڕوی خۆتت هەڵسویوە
گوڵەباخ

دەستت

لە مینگەنە دەچێ

فیتەر

لە شەڕێکی گەورەدا
بەدیلی گرتم
خەم

جوانترین ڕەش
لەناو گەشترین سپی
چاو


چایەکی تاڵم بۆ بێنە
پێویستیم بە شەکر نیە
خۆم شیرینم

دڵنیابە
لای من هێلانەکەت تێك نادرێ
قومری سەباڵ شین

لە زەوی چنە دەکات

لە ترسی ڕێوی، لەبەرزی دەخەوێ

باڵندە


2018

خۆزگە ئەو هەناسەیە بام
کە لەگەڵ باوەشکدا
دەچێتە سییەکانت

لە زستاندا دەچنە ژێر خاك و بەناو دارەكاندا سەردەكەون
لەبەهاردا دەبنەوە گەڵای سەوز
گەڵا وەریوەكانی پاییز

ڕەش مارە
نیوەی تەمەنم قووت دەدات
ڕێگا

گاگلۆ ، بەیبوون

کوریك بووك ، کوریك ماست

بەهار

لە دەریاوە بارگەی تێکنا

لەسەر سینگی ژنێک هەواری خست

شیلان

خەو و بێداری
نهێنیی خۆیان هەیە
شەو


چەند خۆشە
بۆنی ئاو و خاک
بارانی پاییز

نامەی ئاسمانە
پەیامیان پێیە
نەیزەك

چیت لێم دەوێ

ئەوەی هەمبوو بەتۆم بەخشی

ژیان


Sarbaz
2018

دەریایە
لە سەریدا لەنگەر دەگرێ سەر
سەرین

تی ئێن تییە
دیواری کەس تێکدەشکێنێ
تورەیی باوک

وەرینی ڕۆح

ڕزینی حەز

مەرگی ئازیزان

وڵاتێکی ئارام

گەلێکی زانا

بەهەشتی دونیایە

دەستێکی گەرم
بەسەر ڕومەتێکی سڕ
بەخشندەیی

سەیوان هەرچی بێ

ڕوانگەی هەموانی

سێبەر

کتێبخانەکەی پرپرە
لە کتێبی هەڵنەدراوە
بەرپرس

لەگەڵم
لە مەرگی ئازیزان گریا
بنەوش

بە ساباتی حەوشەکەمانەوە
جۆلانێ دەکەن
وشیە ترێ


Sarbaz
2018

چەند جوان و بە شکۆیە
لەسەر سەری ئەو کچە
تاس و هەوری

دەنووکە زەردەکەت
شمشاڵی قالە مەڕیە
ڕەشۆڵە

پارچەیەك لە ئاسمان
شین شین
پیرۆزە

داپیرەی داپیرەی دایکمی
پیر و میهرەبان
وڵات

تەونی داپیرۆچکە
بەنی ئاڵۆز
مێشک

ئەستێرەیەک
لەناو کانیدا مەلە دەکا
بیلبیلە

ماریێکی زێڕین
لە پارچە پەنیرێکەوە ئالاوە
خرخاڵ

دەستی پەریەکی گرتووە
هەڵدەپەڕێ
چۆپی کێش

ئەستێرە  ون دەبن
لە شەوەزەنگدا
کوندەبەبۆکان دەخەون


Sarbaz - 2018

ڕۆحەکان لەیەک دەئاڵێن
نە دەبینن ، نە دەبیستن
ژوان

بەهار بارگەی تێکناوە
پێستی نێوچەوان دەگوشێ
هاوین

مێروولەیەك
جەستەی مرۆڤەکان دەخوا
شێرپەنجە

دوو جۆر بەفر دەبارن
تەزرە و کوریکە
بەهار

خاپەرۆك كردنە

پێچانەوەی دۆسییەکانە

پیری

شۆڕپکردەوە سەر گەردنم
پەتی سێدارەیە
بسك

ژن تۆقێن

نینۆکی شەیتان

سیسرکە

زێڕ دەبارێ
شەقامەکان زەرد دەنەخشێن
پایز

تەلەی گەنجان
داو داو لەیەك ئاڵاوە
قژی لوول


Sarbaz
2018

دوو کانی شین
لەژێر تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە
سایە*

- سایەی برازام

زەنگوڵە ئارەقەی
سەرە مەرگی دایکمە
شەونم

پڕبوو لە یادگاری
پڕە لە گەوهەر
قەڵای هەولێر

لە باوەشی مندا گەورەبووی
پاییزە بەجێم دێڵی
پەڕەسێلکە

تۆ چاکتری دەزانی
هەنگ عاشقترە یان بولبول
گوڵ

شانەی غەدری چەقاند
لە سەری پەپوسلێمانکە
زڕداک

# لەدەستدانی مرۆڤبوونە
# ژێردەستەیی و
# کۆیلایەتی

مەرکانە
گڵ و گوڵ لەخۆدەگرێ
ژن

لە هەناوی گوێچکەماسیدا
بۆ گەردنی ژن دروستبوو
مرواری


Sarbar
2018

هەموو خوێتم هەڵمژە
ئەوەندە نوزەنوز مەکە
مێشوولە

ساتی لەیەك توانەوەیە
باوەشیان بەیەکدا کردووە
دوو ڕەش مار

جێگای من و
هەموو ئاسمانی تێدا دەبێتەوە
چاوی تۆ

یەکەم شەویساڵی نوێ و

نەورۆزم لێ پیرۆز دەکا

شالوور

ئاوێتە دەسڕنەوە
لە کانییا دێن و دەچن
ئاورۆنکە

حەزم لێتە
وەك كێویی ، خورت و سرت
كچە ڕەوەند

ئەو کەتیرە بوو ئەمیش مێشولە
بەیەکەوە تا هەتایە دەمێننەوە
کەهرەمانە

پەنجەم دەگەزم
چۆن پەنجەتم نەگوشی
لەشایی

لە تەکیەدا

تەسبێحی غەزەل دەهۆنێتەوە

سافی هیرانی


Sarbur. 2018

گرمەی هەورە
بەرد دەبارن لە سەحرایەکی بێ کەپر
بۆڵەی ژن

دایکی شەهید دەگریێ

کڕنابێتەوە

بارانی زستانێ

بەسەوزی گرڕدەگریَ گەنم
دیَتە سەر سفرە و خوان
قەرەخەرمان

لە یادی بوون و نەمانت گوڵ هەڵدەدەم

جارێك سپی و جارێك ڕەش

دایکە

ئەستێرەنە

تیژ تێدەپەڕن

دوازدە سوارەی مەریوان

لەو سێبەرە
سەرخەوێك دەشكێنم
جاجمم گەڵا گوێزێكە

بکوژێوە

کارم پێت نەما ، چاوی ئەو کرایەوە

فانۆس

شەیتانێکی گەورە فوو لە پیك دەکا
شەیتانەکانیتر پێکی خوێن هەڵدەدەن
شەڕ

پەیامی ژیانەوەی هەڵگرتووە
بەدەم باوە دەفڕێ
پەپوولەپاییزی


Sarbaz
2018

هەموو ئومێدێکە
بۆ تینویەك
یەك دڵۆپە ئاو

تەندورێکی گەورە جۆشدراوە
ئێسکان تێدا دەسوتێن
ئاب

گاجووت توند پێ دامەگرە
ڕەنگە ژێر پێت شارێك بێت
مێروستان

جوانی دنیات پێدەبەخشێ
بێ بەرامبەر
بەرد

چواردەورم دەکەنە جریوە
بە باڵەکانیان باوەشێنی ماڵم دەکەن
چۆلەکە

دوا ڤێرژنی خەلقی خوایە
بۆیە هەموو ناوەکان فێرکرا
مرۆڤ

تۆ سەفینی

پشتم پێت قایمە

برا

هەرچی باڵندەیە ترساندت
فڕینەوە هێلانەکانیان
گەوارە

بەبینینت
ڕوومەتی دایکمم دێتەوە یاد
گوڵەباغ



کێ دەڵێ هەست بە گەرمی ناکا
لەسەر سینگی خەوتووە
پەپوولە زێڕینەکە

باران لێیدەدا
جلەکانی بەلەشیەوە نووساوە
چۆلەکە

چەند مەکربازە
لەباوەشم دەخەوێ
پشیلە

تەمەنت چەندە

ساڵی شەڕە خوێناویەکە لەدایك بووم

مرۆڤی کورد

بەهاران
بەیەکەوە شین دەگێڕن
هەور و هەڵەبجە

لێوە سوورەکانی دەدرەوشێنەوە
لەژێر تارای سپیدا
سۆرک

نووکە دەرزی دەبارن
سارد و تیژ
زریان

پۆستەچی نێوان باکور و باشوورن
ساڵانە دێن و دەچن
قاز و قورینگ

هاتوە مامانی بکا
بۆ لەدایکبوونی گوڵێکی تازە
پەپوولە


2018

سەریان بەیەکەوەناوە
بەچپە باسی دایکم دەکەن
وەنەوشە

کانیاوەکان زانەوە
بنار پڕبوو لە جووڵە
مێگەل

دیاریی دایك و باوك
ڕۆناكی و هێز
خوشك و برا

پەلکە چنار بەسەر ڕووی کانیاوا
بە هێمنی مەلە دەکا
خەو

ئەو سەرمایە لەناکاوە چی بوو
بەو چلەی هاوینە
لەو دەشتە ژنێکیان کوشت

گەڵا زەردەکان بۆیە دەوەرێن
ڕەگی دارەکانیان دەپارێزن
لە زستان

بە نوزەیەك

بەزینی خۆی ڕاگەیاند

سەگ

کانی لەبن نەهاتووی

سۆز و بەخشندەیی

دایک

لایلایەی فریشتانە

بلور دەژەنێ

قالە مەڕە



تەرازووی

پێوانی مەعدەنی کەسە

سەفەر

لە خەیاڵم ئاو هەڵدەقوڵێ
لە حەوزێکی وشك وشك
کانیی مزگەوتی گەورە

بۆ خۆت فڕێدەدەیتە خوارێ

شوێنی تۆ ئاسمانە

زەرنەقوتە

کەرپووچەکان سووربونەتەوە
کۆترەکان دەمیان کردۆتەوە
قەڵای هەولێر

جوانیەکانی ئەمڕۆم
ئەوان بناغەیان دانا
دایکم و باوکم

ڕاستە بەردن
لەگەڵمندا دێتە زمان
گەوهەر

سەمفۆنیای هاوین
سیڕە و قیڕە
کوللە و بۆق

چەند میهرەبانە ئەو ژنە
بەیانی و ئێواران
گوڵان ئاو دەدا

من و تۆ و ئەو
کۆمەڵێك بیر و شێوە
تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ


Sarbaz
2018

لەرەلەرەکانی دەنگی
لەگەڵ وەرگرەکانی گوێچکەم ، تەبان
مەزهەری خالقی

شتێکی سپی لەسەر دەستە
ئەوە ڕۆحیەتی
پێشمەرگە

دوڕی بێ خەوشە
لە دەریای وشکا
فرمێسکی بێوەژن

تا لەورگی تەندورا نەبرژێ
تام ناگرێ
کولێرە

چەتری باش چنراو
کۆڵەکەی ناو ماڵ
باوک

دوو دەنکە ئەڵماسی ڕەشن
بە بریسک
دوو چاوی تۆ


دەمیان کردۆتەوە گوڵە گەنم
چاوەڕێی چۆڕە ئاوێکن
هەور بەسەریاندا بباریێ

لەپەڕۆیەك دروستم كردی
بووی بە یەكێك لە پیرۆزیەكان
ئاڵا

چەند بەختەوەرم

لەگەڵم پێدەکەنێ

مانگ


Sarbaz
2018

میزی بەخۆیداکرد
لەترسی بەهار
بەفر

سەریان لە زەوی دەرهێنا
بۆنی بەهاریان بۆ هات
کوریکە

بە گەرمیی تۆ
دارەکان کوریکە دەگرن
پەنگری بەهارێ

عاشقی گوڵە
دەم دەخاتە دەمی ، شیلە هەڵدەمژێ
هەنگ

گڕکانی تیژ دووکەڵ
تیژ ئاگر
تووڕەیی

بەردە مانگە
سەت ڕەنگ دەهێنێ
گلێنەت

چەند بەهێز و ئومێدبەخشە
لەژێر بەفردا سەر دەردەهێنێ
نێرگز

لووس مەلەوانی دەکا

لە دەریای هەوا

بارانبڕ

بەهەمان تیژی بە خەتی درومانداا دەڕوا
نازانێ کراسە یان کفن
دەرزی



پەنجە و هەناسە و زوڕنات
کانیاوی هونەر بوون
خدرۆك

وەرە ماچێك بكەم
نەك لە دەستت
دەم

بۆ تۆ ناشێ مەستی

سوارچاکی، مەی

دانێ

شیری گوڵ
باسووقی زەردباو
هەنگوین

لە دەریا

درویّنە دەکا

نەهەنگ

دار ئەسپیندارێکە
لاولاوەی ڕۆح خۆی تێدەئاڵێنێ
ژن

میزی بووکی دەریایە
دەڕژێتە حەوشەکەمان
سولاوکە

هێندە جوان ئەشەکێیتەوە
نەشئەی جوولەی لەش و لاری ئەو دەبەخشی
شاتان

هیچ مێوژێك
شیرین نییە وەك
مێوژی مام زۆراب


Sarbaz
2018

تك تك ، تك تك

دڵۆپەی چلوورەیەکی دەمەو بەهار

خوێن لەدڵم دادەچۆڕێ

بە سمێڵە گەورەکانی
لە موختاری گوند دەچێ
دووقەدەرە

چ چەلەحانەیەکە
قەت ناگەنە یەك
دڵ و عەقڵ

دەنك دەنك با هەڵدەداتەوە
مێشوولەیەکی لە ژێر دەدۆزێتەوە
شەمشەمەکوێرە

لەتۆنی نزم
کەمانچە دەژەنێ
تریێبەرەکە

دەستدرێژیی کردە سەر
دار گەرازی ڕووت کردەوە
تەزرە

دە مەڕۆ
ڕەنگە ئاسان نەبێت
گەڕانەوەت

چەند بێشەرمە
کەمێك سەبری نەگرت هەور
ئەو بەژنەی لەئاودا شەڵاڵ کرد

ئەگەر خاچ هەڵگر نەبوایە
تیرباران نەدەکرا
سێبەر


Sarbaz
2018

شێوازێکی نوێ

بۆ کفنم دانێ

دیزاینەر

سپی لە هەمووشت ویستراوە
بەرگی بوکێتی تا کفن
قژ نەبێ

زێڕ بارانە
وەرن خۆتانی پێ بشۆن
خۆر ئاوابوون

چەند نەرمە
چەند پڕ هەستە
نیگات

وتم : حاجى

تاكە

وتى: كۆيە


Sarbaz
2018

گاجووتی

باریك و لاواز

كرمی زەوی

لەگۆڕ دەنرێ
بەڵام نامرێ
عیشق

بەیانی
جوانترە لەمڕۆ
ئاوات